پارێزگاری هەولێر خەڵاتی بەسەر ئەو منداڵانە دابەشکرد کە لە یەکەم ڕۆژی سەری ساڵ لەدایکبوون

پارێزگاری هەولێر خەڵاتی بەسەر ئەو منداڵانە دابەشکرد کە ئەمڕۆ لەدایکبوون.

ئەمڕۆ چوارشەممە 1ی 1ی 2025، ئومێد خۆشناو پارێزگاری هەولێر، بە یاوەری بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی هەولێر، نەخۆشخانەی لەدایکبوونی بەسەرکردەوەو و لەو بەسەرکردنەوەیەدا ئاماری منداڵانی لەدایکبووی ساڵی پار و ئەمساڵی 2025 خرایەڕوو کە تاوەکو 12 نیوەڕۆی ئەمڕۆ شەممە گەیشتۆتە 31 منداڵ لە کورو کچان، کە بەشێوەی سروشتی و نەشتەگەری لەدایکبوون.

پارێزگاری هەولێر لە وتەیەکدا پیرۆزبایی سەری ساڵی نوێ ئاراستەی ئامادەبووان بە تایبەتی ئەو دایکانەی لە ساڵی نوێدا وەچەیان ناوەتەوە کرد، بەو بۆنەیەوە کە ئەو منداڵانەی لەو ڕۆژە لەدایکبوون کە هاوکاتە لە ڕۆژی 1ی 1ی 2025 و سەری ساڵ، پارێزگاری هەولێر ئومێد خۆشناو دیاری بەسەر دایکاندا دابەشکرد.